# ئەنفال و راویژکارەکانی سەرۆك

عومەرمحەمەد

هەرچەندە ئێستا کورد هێزێکی سەرەکییە لەسەرشانۆی عێراق‌و لەپۆستی سەرکردایەتیەکەیدایە، کەچی هێشتا نابینی سەرکردەکانی ناوکایەی سیاسەت‌و دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بەجدی بیرلەئایندەی عێراق‌و بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردبکەنەوە، کەلەهەمانکاتدا کێشەی عێراقیشە، تەنانەت لەدوای بریاری دادگای باڵای تاوانەکانیشەوە کەتاوانی دۆسێی ئەنفالی بەجینۆساید یەکلاکردەوە، هێشتا نابینین، سەرکردایەتی سیاسی‌و پێکهاتەکانی ناو حکومەتی عێراق پەرۆشییەکی ئەوتۆیان بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەبێت، ، کەچی لەبەرانبەر هیورکردنەوەی تورەبوونی سونەکاندا خەریکی سات‌و سەودای سیاسین‌و دەیانەوێت لە. بەهەر نرخێك بووە دلی سونەکان بدەنەوەو حزبی بەعسیش بهێننەوە سەرشانۆی سیاسەتکردن لە دەولەتی عێراقدا، ئەوەی پرسیار ئامێزە لە دۆسێیەکی وەك ئەنفالدا نابینین لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە هەولێك هەبێت بەو ئاراستەیەدا کەچۆن ئەنفال لەپرۆسەیەکی عاتفی‌و سۆز ئامێزەوە بگوازێتەوە بۆ پرۆسەیەکی سیاسی تەواو؟ ئەگەر ئەمە کێشەیەکی سیاسی یان مەترسی دەوڵەتانی دراوسیی لەپشت بێت‌و بیکەنە پاساو، بەلای کەمەوە دەکرا هەوڵبدەن کاریگەری‌و ئاسەوارە خراپەکانی ئەنفال لەسەر سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵگای کوردی کەمبکەنەوەو ئەو خەڵکەی بەتایبەتی، کەسوکاری قوربانیان‌و لەوانیش تایبەتی ترخودی قوربانیان‌و نەخۆشەکانی ئاڵودەبوو، بەگازی کیمیاوی ئاوڕی جدییان لێبدرێتەوە.

من نازانم راوێژکارو نوێنەری ئەوسەرکردانە لەم وڵاتە کاریان چیە؟ لەچی دەکۆڵنەوەو چی بەسەرکردەکانیان دەگەیەنن‌و چارەسەری کام کیسێشەیان بۆدەکەن؟ خۆبەلای کەمەوە پێویستە راپۆرتی خۆیان لەمەر نەخۆشەکانی کیمیابارانی هەلەبجەوە بدەنە سەرکردەکانیان، مەگەرنابینن، هەتائێستا ئەوخەڵکە بەدەست سەختترین ژیانەوە دەناڵێنن؟ بەتایبەتی ئەوخەڵکانەی کەوتوونەتە بەرپەلامارەکانی ئەنفال‌و کیمیاباران، نابینن لەهەلەبجەو گەرمیان‌و بادینان، ئەوخەڵکە بەئاستەم دەژین‌و بە سەرزیندون‌و بە رۆح مردوو، نابینن بەرەبەرە فیراق‌وحەسرەت دەیانکوژێت؟! ..مەگەر نابینن قوربانیەکانی ئەنفالی بادینان، هەتا ئێستاش هەرلە قەلای (نزارکێ)دا دەژین؟ ئەو زیندانە رەزاقورسەی کەلەسەروەختی ئەنفالدا تیایدا زیندان بوون‌و ئەشکەنجەو ئازاردەدران‌و تەنانەت، بەبەرچاویانەوە منداڵ‌و پیاوەکانیان بەبلۆك کوشتبوون؟!([1]) چما ئەو حالەتە تراژیدیایانە چ پێویستیان بەچاو هەیە، پیموایە مرۆڤ چاویشی نەبێت هەست بە مەحرومیەتی ئەو مرۆڤانە دەکات. ئیدی نازانم راوێژکارەکانی هەردووك " سەرۆك" رویان لەکوێی ئەم گۆیی زوییەیە هەتا ئەو مرۆڤانە نەبینن؟!

لەدوای بریاری دادگاوە هەقوایە سیاسەتمەداری ئەم ووڵاتە بەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانەوە، بەتایبەتی کورد"بەبێ لایەنداری‌و دەمارگیری نەتەوەیی" ئەو ئەرکە بخەنە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق بۆئەوەی ژیانێکی ئاسایی بۆ قوربانیانی ئەنفال‌و کیمیاباران‌و هەموو زەرەمەندانی تربگەرێتەوە، ئەمەش جگەلەوەی داوایەکی رەوای مرۆڤانەیە، مافێکی یاسایی خۆشیانەو هیچ منەتێکی تیدانیە، دابینکردنی بوودجەیەك بۆ زیانلێکەوتووانی دەستی رژێمی عێراق لەدەستووری هەمیشەیدا باسکراوە.([2]) ئیدی ئەوەی دەمێنێتەوە دەستوبرد لێکردن‌و جێبەجێکردنێتی.

دەکرێت ئەوانەی هەتا ئێستا لەوپەڕی نەهامەتیدا لەئۆردوگاکاندا دەژین لەوغەدرە گەورە مرۆییە رزگاربکرێن‌و ژیانێکیان بۆ دابین بکرێت، کەشایستەی مرۆڤ بێت، تا لەدوای دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی بەعسەوە هەست بەمرۆڤ بوونی خۆیان بکەن. نەك ئەوەی تاکو ئێستاش لەناو دۆزەخدا بژین‌و دەسەڵاتی سیاسی تەنها لەکاتی دەنگداندا بیریان لێبکەونەوە.

ئەگەرنا وای بۆدەچم ئەو بودجەیەی بۆ کاروباری شەهیدان‌و ئەنفال‌و کیمیاباران‌و یادو بۆنەکانیان تەرخاندەکرێت‌و، بەرۆتینات‌وکاری بێبایەخ خەرج دەکرێت، بەو هۆیەشەوە هەندێك کەس تیایدا سودمەندبوون‌و لەمەولاش هەرسودمەند دەبن‌و بەهەوەنتە بەفیرۆ دەچێت، ئەگەرهەموو نەخۆش‌و پەککەوتەکانی قوربانیانی پێچاك نەکرێتەوە، ئەوا زۆریانی پێچاکدەکرێتەوە، بەلای کەمەوە لەروی سایکۆلۆژییەوە

---

[1] بروانە ئەنفالستان ژمارە (1) ل 15 دیداری ئارام لەگەڵ ئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینان

[2] بروانە مادەی 122ی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە جەخت لەسەر ئەوەدەکات.. برێك لەداهاتی نەوت بۆئەو کەسانە دیاری بکرێت.

ئاسودە دەبن بەوەی کەحکومەت خەمخۆریانە.

ئەو برە پارەیەی ساڵانە لەیادی ئەنفال‌و هەموو ئەو یادانەدا خەرج دەکرێت‌و بـەفیرۆ دەروات، هـیچ نیـە جگەلـە بریندارکدنـەوەی هەسـتی مرۆڤانەی قوربانیان، ئاخر کاتێك هەموو ساڵێك ئەنفال دەکەنە کەرنەڤاڵێکی گەورەو "فرمێسك"! بۆ شەهیدە کان‌و قوربانیـەکان دەرێـژن، چ بیرێـك لـەژیانی قوربانیـە زینـدووەکانی دوای ئەنفالکردووەتـەوە؟! ئـەو مووچـە زۆرگچکەیەشـی پێیانـدەدرێت ئەگەرلـەرووی بـەهای ئینسـانییەوە تەماشـای بکـەین، ئەوەنـدەی لەسـووکایەتیپێکردن دەچـێت ئەوەنـدە لـەمافی خۆیـان ناچـێت، بەتایبـەتی کـەدەبینین ئـەو موستەشـارو وەزیروگزیرانـەی سـەروەختی رژێمـی عێـراق، کەبەشـێوەی راسـتەوخۆو ناراسـتەوخۆ بەشـداری ئـەنفال‌و ئـەو تاوانـە گەورەیانکردووە، موچەو ئیمتیازاتیان دە بەرانبەرو بگرە هەورازتریشە.